**أسماء الله وأفعاله الحسنى (٨)**

وە تەحویلی لە ذاتی رەسول لە بۆ واقیع کە ئەوان دەبوونە عائیق، ئەمەش خۆمان ئەگەر بەنەفسی وەسیلە و طەریقە، وە نەفسی نەوع و کەممیە، لە معرفة الله وەرنەگرین ئەو حالە مەرەضیەی کە ئەوان تێیدا بوون مع وجود الرسول بە وجودی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ، مع نزولی قورئان ئەوجە حالە مەرەضیەکە تەشخیص دەکراو حالە مەرەضیەکە نەخۆشیەکە دەبووە موشکیلەك لە بۆ جموعی موئمنینی کیرام، نەفسی ئەو حالەتە ئیحتمالە لەناو داخیلی مەش مەوجود بێ، فەلۆیە زۆر تیکرارِی ئەو ماددەیەی دەکەم ئەوە شەشەمین حەلەقەیە لە خزمەتتان ئیعادە و تیکرار دەکەین.

یەکەمین: کەمییەتی أسماءالله کە ناومانناَ بەحەجم، حەجمی أسماء الله وأفعالە باری تعالی چەندی طەرح کردبێ، چەندی بەحس کردبێ، دەبێ ئەوەندە وەربگیرێ، ئەوە نوقطەی رِەئیسی یەکەم بوو.

نوقطەی رِەئیسی دووەم: ئەو تەرتیبەی باری تعالی لە ئەسماء و ئەفعالی خۆی داینایە کە رسول الله محمد علیە الصلاة والسلام وە جەمعی صەحابەی کیرامی رەعییەی یەکەم پێی بینا بوون، پاشان ئەو بینائە نمووی کرد تەزکییە بوو برند بوو ثەمەراتیدا، بەعەینی تەرتیب دەبێ جیماعی موئمنینی تازە موسڵمانی تازە لەبۆ ئیمان دروست کردن بەذاتی رب العالمین دەبێ بەعەینی تەرتیب دا برِوا، هەر تەقدیمەك تەئخیرەك لە تەرتیب، یاخود هەر حەجمەك زیاتر یان کەم کردن عەطاء خەلەل دروست دەکا لەچۆنیەتی دروستکردنی عیلاقەی عەمودی بەینی ذات و بەینی رب العالمین، کە ئەمە زۆرمان ئیحساس بەو رەکاکەتە بەو حالەتە دەکەین وەئەعمالیشمان شاهێدە لەسەر ئەو حالەتە.

نوقطەی سێیەمی رەئیسی: گوتمان قورِئان بەلوغەی عەرەبی نەهاتیە بەلیسانی عەرەبی موبین هاتیە، لوغەی عەرەبی گوتمان ئەو فۆنەتیکە ئەو صەوتەیە کە کابرای عەرەبی بەغدایی موصڵاوی قسەی پێ دەکا، گوتمان قورِئان لیسانە نەك لوغە، تەعبیریشمان کرد لیسان بەو جوملە ئمورەی کە بەحەیاتی ذات مەربوطە، بە تاریخ و بەتورِاث و بەئیحاء و ئیمائە و دیکۆری دەم و چاوو ئەوانە هەمووی گۆتمان، لیسانە قورِئان بەوەی هاتتە خوارێ، ناکرێ ئەمە بچینە سەر عولەمای لوغەی عەرەبی لەوانەوە موقایەسات وەربگرین لەبۆ فەهمی قورِئان چونکی ئەوان پاشی قورِئان قەواعیدیان دانایە.

نوقطەی چارەمی رِەئیسی: گوتمان نەذرەی شمولی لە بۆ أسماء الله و ئەفعالە، ئەو هەمووە، ئەو هەموو ئەسمائە لەوەی ذکر کرایە، ئەو هەموو ئەفعالە کەبەر لەوەی ذکر کرایە، ئەو وەختی معرفة الله حەققەن دروست دەبێ لەناو داخیلی ئینسان، بەو کوللەی بەو شمولیەتەی ناکرێ بەعضە ئەسمائەك ذاتەکە لە ئەثنای بینای (معرفة الله)ی لە داخیلی، جوملەك لەو ئەسمائانە وەربگری زۆر ضەوئی بداتێ زۆر تەکبیری بکا، بەو حجمەی کە لە قورِئان نەهاتیە خەلەل دروست بکا لەسەر حیسابی ئەسماء و ئەفعالیتکەی خوای جل جلالە.

مەثەلەن میثالمان هینا لە سورِەتی یەکەم باری تعالی فیعلەکی هەیە ئەکرم، ئەو فیعلە مەربوطە بە (علّم) (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ*الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ) (العلق٣،٤) ئەو فیعلە مەربووطە بەو فیعلەی، لەهەموو قورِئان بەس یەکجار

کەلیمەی ئەکڕەم هاتیە، لۆ؟ چونکی حالەتی (علَّم) زۆر موقەددەسە، ماعەدای وەی کەلیمەی ئەکرم بەکەریمی هاتیە لە قورئان، کە ذاتەکە دێ تەعامول لەگەر فیعلی ئەکڕەمی خوای دەکا غەیری کەریمی خوایە جل جلالە، کەریمی خوای حالەتەکە فیعلەکە لە ذاتی خۆی ئەکڕەمیشی فیعلەکە، دەبی ذاتی کە فیعلەن دەیەوێ بینای معرفة الله لە داخیلی بکا حەقیقەتەن لۆ وەی ئیمانی پێ بینی، حالەتی ئەکرەم ئەو فیعلە خۆی دەبی لە داخیلی خۆی دروست بکا لەوەی فیعلی (علَّم) بێتە جێ.

بەحسی (علَّم)شمان کرد کاسێتمان بە تەمثیلی هێنا، نازانم ئەوەی لێرە مەوجود بوو بەعضەك لەو برایانە موحتەمەلە ئیستعابیان کردبی بەرێ، ئەوەی مەطلۆب لێرە ئەو هەموو کوللە لە ئەسماء و ئەفعال لەو قورئانە لەو کیتابە هاتیە دەبی هەمووی ئە بەو نەوعەی ئیستعاب بکرێ.

یەکەمین: بە تەرتیبی نەوعی، باری تعالی بەکەلیمەی رب دەست پێ دەکا، پاشان إله تەقدیم دەکا، لە سورەتی سێیەم بەحسی تەوحید دەکا، لا إله إلا ألله، لەسورەتی سێیەمە لە بیدایەت نییە، ئا ئەو تەرتیبە نەوعییە کە باری تعالی قورئانی پێدا دەبەزینی ئەو تەرتیبە مەقصودە، وە ئەوە تەوقیفە، وە وەحییە، وفقی جیهازی داخیلی ئینسان هاتیە.

وەکو میثالمان هینا سابیقەن شەخصی طەبیب کە مەرەضەکە تەشخیص دەکا بە کەممی نەوعی بەکەم، وە زەمەنی نەوعی لەبۆ نەخۆشەکەی دادەنێ ئا ئەو دووە دەبتە سەبەبی عیلاج خوا شیفای دەدا، دەبی ئەو تەرتیبە لە ئیسم و فیعلی خوای جل جلالە وفقی تەرتیبی قورئان ئیستعاب بکرێ، حەجمەکەش خودا جل جلالە چەندی ئەو ئیسمە یا ئەو فیعلە طەرح کردیە لە قورئان، دەبی ئا ئەوەندە مومارەسە بکرێ.

کەلیمەی رب لە حەفسەت و قسور جێ هاتیە، مەثەلەن: کەلیمەی الله لە هەزار و قسور دوو هەزار و قسور جێ هاتیە، کەلیمەی الله ئا ئەوەندە ئەو ذاتە پێوەی موحتاجە لۆوەی فیعلەن الله بە حەقیقەتی خۆی بناسی، کەلیمەی رب لە حەفسەت و قسور جێ موحتاجە، لە حەفسەت و قسور جێ مەفهومی ڕوبوبیەت کەلیمەی رب بە هەموو بوعدەکانی لە داخیلی خۆی ئیستیعاب دەکا، ببتە حەفسەت و ئا ئەوەندە کەخودا ئەمری پێ نەکردیە ئەوە ئیسرافە لە حالەتەکە، لە ئەثنای تەعامولی لەگەر عەمەل (أمنوا وعملوا) لە عەمیلوەکە خەلەلەکە کەشف دەبی، موشکیلەی مە ئەوەیە شەبابی صەحوە ئا ئەوانە قەواعیدن لەبۆ خۆمان ئەمەی شەبابی صەحوە ضرورِیە پێوەی مولتەزیم بین.

فەلۆیە ئەورۆکە دەچینە خزمەت سورەتی مزمل، مەرحەلەی سێیەمی أسماء الله وأفعالە تێدا مەذکورە، تەماشاکەن رب العالمین بەچ خەریتەك دەقیق، کو بیلا تەشبیهـ ئا ئەوە هیتەرە، لە پێش چاوتانە ئەوە هیتەرە، کە بەردەکەی ناوی شووشەکەی دەشکێ دەبەینە کن وەستای، وەستا لە مێشکی خەریتەك هەیە، وفقی ئەو خەریتەی مومارەسەی کردیە بوویتە حالەکی بەدیهە لەکنی.

وفقی ئەو بەدیهەیەی دێ تەنیشتەکانی یەکەمین جار بورغیەکانی تەنیشتی قاوغەکەی دەکاتەوە لۆوەی قەپێلکەکەی هەستی، بورغییەکان دادەنێ، کە دەرنەفیسی گرت ناچتە پشتی جیهاز یەکسەر دەست لۆ شووشەی

درێژ ناکا، دەبی قاوغەکە هەرگری، قاوغەکە کو هەر دەگیرێ دوو بوڕغی لە تەنیشتە، ئیذەن یەکەمین جار کە دەستی درێژ دەکا بە دەرنافیسەوە لۆ دوو بوڕغیەکان درێژ دەکا، دوو بوڕغی دەکاتەوە، دەزانی ئا ئەو دوو بوڕغیە قاوغەکەی گرتیە، کە دوو بوڕغی کردەوە قاوغەکە هەر دەستی، قاوغەکەی دادەنێ، ئەمما جاری یەکەم یەکەمین بوڕغی دادەنێ پاشان قاوغەکەی لە تەنیشت دادەنێ ئەگەر مومارەسەی زۆر نەبی، ئەوجا پاشان دێتە مەڕاحیلیتکە، کە جێی بەردەکەیە دەری دینی، کە بەردەکەی داناوە لە جێی خۆی ئەخیر شت چی دانابوو ئەوی هەڵ دەگری لە جێی وی دادەنی لە جێی خۆی، دەی پاشان سەبر سەبرە هەتا دەگاتە سەر قاوغەکەی، قاوغەکەی دادەنێ ئەوجا بوڕغیەکان لە تەنیشتەکان دادەنێ، چ تەقدیمەك لە وەی، چ تەئخیرەك لەوەی خەلەل دروست دەکا لە ناو هیتەرەکەی ئەوە میسالەکی ماددیە.

أسماء الله و أفعاله باری تعالی بەو خەریتەیەی لەوەش زۆر دەقیق تر، لە میزانی کابرای زێڕینگر دەقیق تر باری تعالی تەعامول لەگەر داخیلی ئینسان دەکا، چونکی خۆی ئەو جیهازەی لە داخیلی دروست کردیە، خۆی دەزانی چەندی دەداتێ وە کووی دەداتێ، وە کوی لەگەر دەست پێدەکا، لۆیە دەرسی پێشتر لە خزمەتتان گوتمان باری تعالی کە قورئانی دادەبەزاند، سوڕەتی علق، سوڕەتی قلم، سوڕەتی مزمل، ئەسمائی کتابی عەقائیدیشی لەگەر نەهینا خوارێ لەسەر ذاتی رسول الله صلی الله علیە وسلم، گوتبی بابە ئەو مەتنە (اسماءالله)ی فلان کتابی شەرحە لەبۆ وەی، نەخێر.

ئەمن کە دێم تەعامول دەکەم لەگەر قوڕئان لەگەر ئەسماء و ئەفعالی خوای لە ضمنی کتابە عەقائیدەکەی تەعامول دەکەن لەگەر ئەسماء وئەفعالی خوای، کتابی عەقائید لەبەرەوەی تەصەوری شەخصە، تەصەوری ذاتە تەصەوری ئەو ذاتەی دەبتە قالب لە مێشکم، دێم تەعامول لەگەر قوڕئان دەکەم لەگەر أسماءالله و أفعالە، تەصەوری وی فەهمی وی لە ئەسماء و ئەفعال دەبتە خەریتە لەبۆ مێشکم لۆوەی لە قوڕئانەکەی بگەم، عیلمەن لەبۆ ذاتی رسول الله لەبۆ ئەطهەری ئینسان لە پاشی ذاتی رسول الله کتابی عەقائید و کتابەکانیتکە نەهاتبووە خوارێ، ببتە شڕوحات لەبۆ مەتنی قورئان.

ئیننەما لە ذاتی قوڕئان حەزرەتی خەدیجە أم الموئمنین رضی الله عنها وارضاها وە ئەبوبەکر وە عەبدالرحمن کوری عەوف لە ذاتی قورئان خوایان ناسی، لۆیە تەرتیبەکەش ئا ئەو حەجم و کەممیە و میقدارە تەحدید دەکا، چ خەلەلەك لە (کم) زیاتر وەرگرتن یان کەمتر وەرگرتن یان پێش و پاش کردن جیهازەکەی ژۆرێ تێك دەدا، لۆیە هەر خۆمان معیارین تەعەبوداتی خۆمان معیارە لەبۆ وەی فیعلەن عیلاقەمان لەگەر ذاتی رب العالمین بە چەند جەوانب و خەلەل داچووە.

لۆیە زۆر جار نوێژ دەکەینە سەبەب وەسیلە میزان نوێژ چار رکعاتی عەسر یان نیوڕان کە ئەبوبەکر کردیتی نەفسی ئەو نوێژەیە ئەمە دەیکەین ئێستا لێرە، ئەمما نوێژی ئەبوبەکر زۆر فەرقی هەبوو، نوێژی مەش ئا ئەو ئەلعابە ریاضەیە کە دەیکەین، کە تا عەشەڕات جاریش ئەوەی لێرە ئەغلەبی دانیشتیە موثەقفە دەیەها جار خۆمان حەدیثمان خیندیە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرمووی: (رب مصل فهو یصلي والصلاة

یلعنه)، وەیە یان نا، (رب مصل لیس لصلاته الی العشر)، یەك لە دەی نوێژی هەیە، سەبەبەکەی چیە؟ هەم نوێژمان هەر ڕۆژیمان هەر طاعەتمان ئەوجە هەر تەسەوراتی فکریمانهەر ئیتیجاهاتمان ئەوە هەمووی وفقی موخەیرەی خۆمانە، عیلمەن ئی ئەبوبەکری یا ئی موصعەبی موقایەسە بکەین لەگەر ئی خۆمان بەس خوامان یەکە کە مەعریفە، لۆیە میثالی هیتەرم هینا تەماشاکەن باری تعالی کو دەست پێدەکا لەبۆ فیعلەك لەئەفعالە موبارەکەکانی؟! کو زەمینەی لە بۆ دادەنێ؟! لۆوەی فیعلەن ذاتەکە لەو فیعلەی بگا لەبیدایەت کو دەست پێدەکا بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ (يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ) (المزمل١).

کەلیمەی مزمل یەعنی کابرایەك مەوضوعەکی زۆر عەظیم و موهیممی لۆ هاتبی فوجئەتەن، نەك لە تەفاسیر دەرێ خۆی داپۆشتبی، لە ترسان یان لە لەرزان، یان کەلیمەی مزمل لە لیسانی عەرەب ئا ئەوە مەعنایتی: ئەی ئەوەی فیعلەن فوجئەتەن عەظیم ترین شتت لەبۆ هات بە موفاجەئەش فوجئەتەن لەبۆت هات، وەکو کابرایەك خەبەرەکی زۆر موفریح فوجئەتەن لەبۆی بێ چ حاڵەتەك لە داخیلی دروست دەکا؟ ئیعادەك بینائی لەگەر دروست دەکا لە داخیلی ئا ئەو فوجئەتیەتە، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً) (المزمل٢) لەبۆ ئەو حالەتەی (قُمِ اللَّيْلَ) هەموو شەو (إِلَّا قَلِيلاً).

لە بەحسی چۆنییەتی ئیعادە کردنی ئیمان لە شازدە کاسێت لە خزمەت ئەو برایانە بەعضەکیان مەوجود بووینە بەحسمان کردیە، ئیحتیاج بەوەی ناکا تیکرار بکرێ، (نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً*أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً)(المزمل٣،٤) باشە قورئان سێ سورەت هاتیتە خوارێ سورەتی علق سورەتی قلم ئەوە سورەتی سێیەمە، ماذا یرتل رسول الله صلی الله علیە وسلم من القران، کەلیمەی ڕەتتیل موهیمە ئەوانە هەمووی موتابەعە بکەن، لۆ؟ (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً)(المزمل٥) (إِنَّا سَنُلْقِي) جارێ ئیلقا نەکرایە.

(يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ) حالەتەکەی وەصف دەکا بیلا تەشبیهـ پێغەمبەرمان صلی الله علیە وسلم لەپێش چاوە لە خزمەتینە لە غاری حیراء، قەت تەصەوڕ ناکا بەخەیالی دا نایێ ذاتەك موفاجئ بەبێ هەست بەبێ ترپە بەبێ موقەددیمات فوجئەتەن لە پێش چاوی حازر بی، بێ سەلام و کەلام بەدەنیش نییە یەکسەر فوجئەتەن (إقرأ) حالەتەك نەوعی لە داخیلی ئینسان دروست دەکا.

ئەها بیلا تەشبیهـ کابرایەك توشی حادیثەی سەیارەی دەبی سەیارە قەلب بووە مەجموعەك تێیدا مردیە، ئەو هەتا سێ ڕۆژان چار ڕۆژان لە مێشکی فلیم حادیثەکەی بە پێش چاوی دادێ فکری لەگەر حادیثەکەی دەڕوا، ئەمما ئەگەر هاتوو قەضییەکە لە تەصەوڕی دانەبوو مەثەلەن ئەستێرەك لە ئەستێرەکان طەبقەکی طائیر، صەحنەك لە صحونی فەضاء بێتە خوارێ لەکن ماریان، خۆشی تەصەوڕ نەکا ئەو حالەتە دەبی ئەمما دیتی بەچاوی خۆی لەمسی کرد، طەبقە طائیرەکە جەماعەتەکە دەعوەتیان کرد لۆ ناو صەحنەکەی، پیشانیاندا ئەجهیزە بەشەری دیت، بەشەری غەیری ئیعتیادی نمو دەبی یان نا حەفتە ك دوو حەفتە مانگەك بەحس بکا، عالەم بەشێتی تێدەگا بیلا تەشبیهـ بیلا تەمثیل، نەفسی حالەت لەبۆ ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دروست بووە.

لۆیە لە سورەتی قلم (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ) (القلم٢) ئەوەی دیتیتە حەقیقەتە جنون نییە، وە تەشبیهی دەکا تەحدید دەکا بەنیعمە (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ) (القلم٢)، دێینە سەر ئەو حالەتە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ساڵەکی کامیل یقوم الیل، کل شەوی کامل (إِلَّا قَلِيلاً)(المزمل٢)، وەکو لە ئەوەکەی ئیشارەتمان لۆ کرد وەختی خۆی موحتەمەلە شەوی مەککە هەشت سەعات بووبی، دە سەعات بووبی، بەس دوو سەعات ئیسراحەتی کردیە، بەس سەعاتەك ئیسراحەتی کردیە، هەمووی شەو هەستایە، عیلمەن دوو وەرەقەشی لۆ هاتیتە خوارێ لە قورئان.

سورەتی علق ئەوەندە دەبی سورەتی قلمیش ئەوەندەیە، باشە شەوی کامل ساڵەك کامل ٣٦٥ رۆژ ٣٦٥ شەو چی کردیە ئەو ذاتە موبارەکە؟ چ قورئان نییە لە گۆڕێ؟ ئەوە نییە نەهاتیتە خوارێ، بەس سەفحەک نەبی سورەتی قلم دەتانی لێرە بینووسی، سورەتی علقیش لێرە بنووسی، هەر ئەوەندەی لۆ هاتتە خوارێ ساڵەك کامل خۆی بەو وەرەقەیەی خەریك کردیە، حەتمەن دەبی شتیتکەی کردبی نوێژی لەسەر فەرز نییە، شەونوێژی لەسەر فەرز نییە، ئیذەن ئا ئەوەیە بەحسی قیرائە دەکەین لەچۆنییەتی دروستکردنی ئیمان (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ* خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ) (العلق٢،١) ئا ئەوەی کردیە، ساڵەکی کامیل لۆی تەقسیم کردیە بە چار وەرز بە هاوین و بە پایز و بە زستان و بە بەهار تەقسیم کرایە چار مەرحەلەیە، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً* نِصْفَهُ) نیوەی (أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً) کەمی کە (أَوْ زِدْ عَلَيْهِ) زیادیکە، (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً)، لۆیە محمود غەریب رەحمەتی خوای لێبی خودا حیفظی کا إن شاءالله دەیگۆ الکون قران منتوش کەون هەمووی مەخلوقات قورئانە، ئەمما قورئانەکی پەرت و بڵاوە والقران کون مسطور قورئانیش کەونەکە ئەمما نوسرایە، فیعلەن ڕاستی گۆتیە صەدەقە.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئوممی بوو کان یقرأ الکون، بطول اللیل لۆ لەوەی فیعلەن حالەت دروستکا لە داخیلی، ئەو حالەتە زەمینە ببی فیعلەك لە ئەفعالی خوای بتانی ئیمتیصاصی بکا، بتانی ئەو فیعلە کە لە داخیلی زەمینەی دروست کرد کو تەعامول لەگەر ئەو فیعلەی بکا موستەقبەلەن، چونکی شتی لەسەر بینا دەکا لەسەر ئەو فیعلە، (أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً)(المزمل٤) (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً)(المزمل٥).

ئیلقاء کەلیمەی ئیلقاء غەیری وەضعە، گوتمان غەیری وەحییە غەیری تەنزیلە، لە قورئان هەر کەلیمەك موجەسسەمی خۆی هەیە، مەعنای خاصی خۆی هەیە، هەر کەلیمەك یەعنی باری تعالی کە کەلیمەی ئیلقاء لێرە ئیستعمال دەکا فیعلەن فیت مەقصودی ئیلقائە، ئیلقاء حالەك فوجئەتی تێدایە، زەمینەکە دەبی مەوجود بی لەبۆ ئیلقاء، زەمینەکە دەبی مەوجود بی لەبۆ ئیلقاء، ئیستعدادی لۆ وەسەطەکە هەبی لۆ ماددەی ئیلقاء ئەوە موجەسسەمێتی کردنی ئیلقائە.

مەثەلەن کە پیاو لە زمانی لە لیسانی عەرەب شەخص کە جلکی دادەنرێ ألقی ثوبە، لە کێندەری؟ لە سەر عاردی یان لە سەر مێزی یان لە سەر کورسی، ئیلقائەکە کە دایکەناند فرێیدا ئەبەو نەوعەی ئەوە دانانە، ئەمما ئەوە ئیلقائەکەیە، کە ئیلقای کرد دەبی عەردەکە هەبی جێیەکە هەبی، جێیەکە نابی پیس بی یان تەڕ بی چونکی

جلكەكە پیس دەبی، ئیذەن لە ناو داخیلی کابرای عەرەب جوملەك شت هەیە لەمێشکی پێشی ئیلقائەکەی ئەوانە هەمووی لێکدەداتەوە ئەوجا ئیلقائەکەی دەکا، جلکەکەی دادەنێ ألقی ثوبە ئەوە مەفهومی ئیلقائە.

(إنّا) نەیگۆتیە (أنا) چونکی وەسیط هەیە لە بەینی خۆی و باری تعالی لەگەر ذاتی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم، وەسیطەکە کێیە جبریل بەحسی ویشە (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ)(المزمل٥)، ناری إلیك، علیك، ئەوانە هەمووی إن شاءالله موراجەعە بکەن ئەوانە هەریەکە موجەسسەمیەتی خاصی خۆی هەیە.

(قَوْلاً ثَقِيلاً)(المزمل٥). لە هەموو قورئان بەس لێرە قەول بە ثەقیل هاتیە، هاتیە قەول بە مەعروف بە قەولی سەدید عەظیم ئەوانە هەموو هاتیە، بەلیغ (وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً) (النساء٦٣)،بەس لێرە دەفەرمی: (قَوْلاً ثَقِيلاً) کەلیمەی ثوقل لە قورئان یەعنی وەزن، لۆیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم پاشان کە وەحی لەبۆ دەهاتە خواری، قەدەرەن صەحابەك لە تەنیشتی دانیشتیە ڕانی موبارەکی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کەتیتە سەر لاقی کابرای صەحابی، لە ئەثنای وەحی صەحابییەکە مەجبور لاقی خۆی سەحب کردیە لەبەر ئەو گرانابیەی کە هاتیتە سەر بەدەنی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم.

ئیذەن ئەوەی لەبۆ پێغەمبەری دێ حەقائیقە ثوقلیشی هەیە، ئەوە ئەگەر وەحی بی، ئەمما دیارە موهیممەکە غەیری مەفهومی وەحی، لە حالەك موعەییەن کە بەسیط بوو جێی تەحەممولی بوو نەقل دەکا لەبۆ حالەك ثەقیلە، لۆیە (قُمِ اللَّيْلَ)ی پێ دەکا، (إِلَّا قَلِيلاً* نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ) لۆوەی لەداخیلی ئەو زەمینە دروست کا، لەبۆ حالەی قەولی ثەقیل (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ)(المزمل٥)، پاشان پێشی دەری (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ)(المزمل٦) ناری إنا ناشئة النهار، هەموو تەفاعولاتی کیمیائی بایەلۆژی ئیمانی لەناو داخیل دەکرێ بە شەو، فەقەط بە ڕۆژ بەس تەسبیح دەکرێ بە ڕۆژ تەسبیحە، بە شەو ئینسان لەگەر خۆی ئیش دەکا، تەصفییە و بینە و ببە جولی موختەبەر لە داخیل بە شەو دەکرێ.

لۆ دەفەرمی: (إِنَّ نَاشِئَةَ) ئەها لە کەلیمەی ناشئة گوتمان وەکی مونشەئاتی عەسکەری ئینشاء دەکرێ نمو دەکا، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ) (المزمل٦) ناری ئەعمەق ناری ئەقوا، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً)(المزمل٦).

وەختی خۆی گوتمان کەلیمەی وط ء لەبۆ عەردی ئیستعمال کرایە، کابرای عەرەب حاشاکی مەقامی قورئان و مەجلیس قوڕ کە پەیت نییە مەجموعە بەشەرەك بە سەری دادەڕوا، بیننە پێش چاوی خۆتان وە ئەو قوڕە تەصەڵوب بکا هیشك ببی وەکی کەستەکی لێ دێ جێی پێیەکان دیار بی، هیچ مەجال نەبی چیدی بپەسترێ، بە مروری عالەمیش بە زەمەن بەزەمانەکی زۆر ئا ئەو مەنطیقەیە قوڕە پێی دەگۆترێ وطئ وطئ، لۆیە دائیرەی بەلەدیە بەلەدیە کە دەیەوێ جادە دروست بکا ڕۆلەی هەیە بە سەر عاردەکەی دینی و دەبا بەهادیئی لە سەرخۆ ئەوە هەمووی کەلیمەی وەطئە، لۆوەی فیعلەن تەواو عاردەکەی بپەستی چەند ڕۆلە برێین گرانەکە زیاتر بە سەر عەردەکەی دا بڕوا ئا ئەوەندە وەطئەکە بەقوەت تر دەبی.

دەفەرمی: (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً)(المزمل٦) وەط ء لەبۆ عارد دەكرێ، ئیذەن دەبی زەمینە لە داخیلی ذات دروست ببی لۆوەی فیعلەن بتانی ئیستیعابی حالەت بكا(إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً)(المزمل٦) شەدید ئەوهایە یەعنی ئەو هەموو پەستنە بەلاق لەبۆ ئەو قوڕەی ئاوەكەی لێ دەردەكا دەكاتە تەبەخور لە عەینی وەقت پانی دەكا فەراغی لەبۆ ناهێلی، ئا ئەوە وەطئە، (أَشَدُّ وَطْءاً) لە ناو یەك (وَأَقْوَمُ قِيلاً) (المزمل٦).

(وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلاً)(المزمل٨) بە چ نەوعەك؟ چ نەوعە ذیكرەك؟ (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)(المزمل٩) لێرە تەوحید دێتە گۆرێ، (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ) (المزمل٩) ئەو هەموو حالەتە (فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً) (المزمل٩)، ئا ئەوە مەقصودمانە فیعلەن ئا ئەو فیعلە لەو حالەتە دروست دەبی، ئەو وەختی رسول الله محمد صلی الله علیه وسلم دەبتە ئینسانەكی موتەوەكل علی الله، (وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) (آل عمران١٢٢) ئا ئەوە نەتیجەیتی، هەتا ئەو حالەتە دروست نەبی تەوەكول لە سەر خوای نییە، لۆیە مەفهومی تەوەكول هەر خۆمان لەبۆ خۆمان ببینە شاهێد لەسەر خۆمان مەفهومی تەوەكول چەند لە داخیلمان هەیە ئەمە، وەیە یان نا ئەو كەلیمەیە چەند لەبۆی چووینە ئەمە؟ چەند لەناو داخیلی خۆمان ریعایەتی ئەو كەلیمەیە و دروست كردنی و بینا كردنی ئەو كەلیمەیە كرایە؟ هەتا فیعلەن شەخصەك موتەوەكیل دەرچین علی الله.

ئەو هەموو ئیعدادە لەبۆ بەس ئا ئەوەندەی، (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)(المزمل٩)لۆ فەرمویتی (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)، بەحسی ڕۆژ دەكا، لۆ وەهای فەرمووە؟ بیلا تەشبیهـ بیلا تەشبیهـ ڕۆژ وەكو تۆپەك بی، مەثەل دەینم ولله مثل ألاعلی والعیاذ بالله مەخصەدم ذاتی رب العالمین نییە، ڕۆژ وەكو كوڕەك بی تۆپەك بی ئەگەر دەستەك حەڕەكەی پێ نەكا ئەو سەر و ئەو سەری پێ نەكا ئەو حەڕەكەیە ئەو ڕۆژە پێی ناكرێ، بەواسطەی ئەو حەڕەكەیەی لەو مەنطقەیەی مەجالی نەقل دەبی لەبۆ ئەو مەنطقەیەی ئەوە شروقەكەیە، دیسان دەیهینتەوە دەیگێرتەوە سەر حالی جارانی خۆی ئەوە مەغریبەكەیە.

ئەو حەڕەكە موستەمرە (رب)یتی (رب)ی چ؟ مەشرق، ناری شەمس چونكی خۆی تەشریق و ئیشراق حالەتی زۆر ضەخمە لەبۆ ئەو ڕۆژەی ئەوها ئەو حەڕەكەیە بكا و شروق و غروب دروست بكا، دەبی فیعلەن ئا ئەو خالقەی كە ئەوەی دروست كردیە دەبی هەیمەنەی موستەمیری هەیمەنەی موستەمیری لە سەر ڕۆژ هەبی ئەوها تەحریكی پێ بكا، وە موستەمیر تەحریكیشی پێ بكا، هەموو وەختەك تەحریكیشی پێ بكا، چونكی ئەو ڕۆژە لە سەر كوڕەی ئەرز هەر وەختەك غروبە هەر وەختەك شروقە، لۆیە دەفەرمی: (رَبِّ الْمَشَارِقِ وَالْمَغَارِبِ)(المعارج٤٠).

ئەمما لێرە چونكی موطلەقە حالەک موعەیەنە دەبی لە داخیلی جوملەی صەحابە و رسول الله ( (صلی الله علیه وسلم) ) دروست ببی، لۆیە بە موفرەد بەحسی دەكا (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)(المزمل٩)، (رب) ە (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ) یەكسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەكەوتە سەر عەردی و ئیستسلام دەكا، ئەو شەمسە ضەخمە عەظیمە لە وەی قیچەك گچكە تر لە پێش چاوی پێغەمبەری قەمەڕە، ئەوجە تەماشای عارد و تەماشای ئەوانە هەمووی لەو شەمس و قەمەڕەی گچكە ترن، ئەوها موهیمن بی ئەوها (رب)ی بی، ئەوها موسەیطر بی،

بتانی فیعلەن مەترەک بینتە پێش مەترەک بیباتە پاش بشتانی بیکا و نەشیکا، کو فیعلەن ئەو ذاتە ئەو ئینسانە تەسلیمی تام نابی لەبۆ ذاتی ئا ئەو (رب)ەی، بتانی حاجاتی ئەو ڕۆژەی بەشروق و غروب کردن ئیجاد بکا، کو ناتانی دەفعی حاجاتی ئا ئەو ذاتانە ذەواتانە بکا.

به واسطەی ئەو شروق و غروبە حەیات موستەمیر دەبی، ئەگەر ڕۆژ نەبایە شروق نەبایە نەهار نەدەبوو، ضوحا نەدەبوو، شەمس نەبایە ئیسراحەت و سکون نە دەبوو، ئیذەن حەیات هەمووی مەربوطە بەو ئیشراق و، لۆیە (رب)یتی ئەگەر بتانی حەیاتی هەموو وجود لەسەر کورەی ئەرز ئەحیاء ئیدامە بکا بەواسطەی شروق و غروب حاجاتیان هەمووی دەفع بکا، هەر لە جەمادی هەر لە نەباتی هەر لە حەیوانی هەر لە ئینسانی کو ناتانی حاجەی ئا ئەو ذاتە بەتەنیا بکا، لۆیە لە ناو داخیلی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم لەگەر جوملەی صەحابەی کیرام حالەتەك دروست دەبی ئیستیسلامی، حەتتا تەنەفوس دانەوە حەتتا چاو حەرەکە پێکردن، ئەوجە دێتە ناو عەمەلیاتی کیمیایی و فیزیایی و بایەلۆجی لە ناو داخیلی هەمووی رب العالمین دەیکا، لۆیە (فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً) (المزمل٩)، ئا ئەو حاڵەتە دروست کردنە وەکالەت دانە بە رب العالمین، ئیسپات کردنی حالەتی عەبدە لە داخیلی ئینسان. واضحە ئیحتیاج بە میثال ناکا.. ها..؟ چاکە.. جەمعی الرعیل الاول من الصحابة الكرام ئەبەو نەوعەی بوون بەو نەوعەی ئیمانیان بەذاتی رب العالمین دروست کرد، نەك وەرەقەك، هەر بگرن (ان الله تسع وتسعون اسمه) سەر چاومان سەر روحمان قسەی پێغەمبەری ( (صلی الله علیە وسلم) ) ، ئەمما من مەوضوعیەتە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم موضوعییەن؟ کەتەلۆگەکی لە گە دەنێری ئەو جیهازە ئەوها ئیستعمال بکا، ئەگەر لەئەثنای ئیستعمالی جیهازەکەی کەتەلۆک نەبی خەلەل دروست دەکا.

رب العالمین وەسیلە و کە لە نەوعی عیلاقە بەذاتی خۆی لە خەریتەکەی بەحس کردیە، لۆیە ذاتەکی وەکی من کە هەر دەستی اسماءالله هەمووی لەبەر دەکا، اسماءالله لە بەر دەکا، لەبەری کردیە حفظی کردیە تەسجیلی کردیە لە ناو مێشکی فەقەط، ئەمما ئا ئەو ئەسمائە چەند لەواقیعی حالی مەوجودە، ئەو ئیسمە ئەو فیعلە چەند تەعەببودی پێ دەکا، فیعلەن (وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى...)(الاعراف١٨٠) ڕاناوەستی لەوێ بەشکو تەکمیلەی دەکا (فَادْعُوهُ بِهَا)، چەند ئەوەی دەکا ئەمە هەموومان ولله اسماء الحسنى دەکەین لەبەرمانە زۆریمان لەبەرمانە، ئەمما فادعوه بها دەکەین؟ ئەوە موشکیلەمانە باشە کو فادعوه بها بکەین؟ بەو حیفظەی بەو کەتەلۆگەی کە زەید من الناس تەئلیفی کردیە بە ناوی عەقائیدیان عیلمی کەلام؟ نەخێر.

لۆیە لەگەر قورئانەکەی مولحەق نایێتە خوارێ ئیعلانی پێغەمبەر کا ئەتو ئەوها بکە ئەوها مەکە، نەخێر هەر ذاتی قورئان وەسیلە بووە طەریقەی تێدا بوو لەبۆ ئیعلانی پێغەمبەر، ئیذەن تەرتیلی (يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ) (المزمل١) (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ) (إِنَّا سَنُلْقِي)(المزمل٥) بەس لەبۆ پێغەمبەری نەبووە، لەبۆ ئەبوبەکریش بووە، لۆوەی فیعلەن لەداخیلی ئەبوبەکریش ئا ئەو زەمینەیە دروست ببی، حالەتی تەوەککول ئیجاد بکرێ لە داخیلی، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً وَأَقْوَمُ قِيلاً)(المزمل٦) (إِنَّ لَكَ فِي اَلنَّهَارِ سَبْحاً طَوِيلاً)(المزمل٧) (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلاً)(المزمل٨) (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ) ئەوجە (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ)،مەوقیفت چییە؟ (فَاتَّخِذْهُ

وَكِيلاً)(المزمل٩)، كە حالەتەكە دروست بوو ئەوجە، هەتا حالەتەكە لەداخيلى ئينسانەكەی دروست نەبی فيعلی خودا (الوكيل)ە لە داخيلی خودا بەنسبەتەوی نابتە وەكيل، ئيذەن ئا ئەو ئيسمە نييە خودا جل جلالە لەكن ئەو ذاتەی.

لۆيە قەناعەتتان هەبی لەكنەمە زۆر اسماءالله، نييە زۆر ئەفعالی خوای نييە، (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ) ئەوجە (فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً)(المزمل٩)، دەبی ئەتوو وەبكەی خودا وەكيلت بی، ئەتوو لە داخيلی خۆت خودا بەوەكيل ئيعتبار بكەی بە وەكيلی دابنێی، ئەوجە فيعلەن رب العالمين بە سيفەتی الوكيل تەعامول يان بە فيعلی عەفوەن الوكيل تەعامول لەگەر مە دەكا، تەعامول لەگەر ئەو ذاتەی دەكا واضح بوو ئێستا، ئەوجە بەو نەوعەی بەدوی دادەڕوا سوڕەتی موززەميل صيغەی دروست كردنی ئەسماء و ئەفعالی خوای جل جلالە لە داخيلی رسول الله محمد صلی الله عليە وسلم، وەداخيلی جەمعی صەحابەی كيرام.

تەدەول مەكە ئەتوو وَاهْجُرْهُمْ ئيشی تو وَاهْجُرْهُمْ (وَاهْجُرْهُمْ هَجْراً جَمِيلاً) (المزمل١٠)، ئەمما مەوقيف خودا بەجێی دێلی، نەخێر (وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً) (المزمل١١) چيە؟ (إِنَّ لَدَيْنَا) (المزمل١٢) عند الله باشە ئەگەر وەكيلی خوای لە داخيل دروست نەبی ئەو حالەتە دروست نابی، ئيللا چەللبی كابرای كافريە، دەبی بيكوژی دەيەوێ فلان لەگەری بكا دەيەوێ فلان عيلمەن جارێ خۆی مەبنی نەبووە، خۆی بينا نەبووە جارێ وەكيلی خوای جل جلالە لە داخيل دروست نەبووە، دەبی فيعلەن (وَاهْجُرْهُمْ هَجْراً جَمِيلاً) (المزمل١٠)، (وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ) (المزمل١١)،نارێ ئەمن (أنا) ئەتوو لێيان گەڕێ، (وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً)، لۆ؟ (إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالاً) (المزمل١٢).

دەزانی كەليمەی ئەنكالەن لە ليسانی عەرەب بە چ هاتيە؟ بە نەوعە لغاوەكە لە دەوی حەيواندا دەندرێ، باری تعالی دەرێ ئەوهای لێ دەكەم ئەنكالا، هەر ئەوەندە ئەوە لە دونيا لە ئاخيرەت (وَجَحِيماً*وَطَعَاماً ذَا غُصَّةٍ وَعَذَاباً أَلِيماً) (المزمل١٣،١٢)، ئيشی توو نييە، ذرني هەتا فيعلەن حالەتی تەوكيل حالەتی تەوكيل مەفهومی تەوكيل لە داخيلی ئينسانەكە دروست نەبی باری تعالی نابتە وەكيلی ئەو ئينسانەی، خودا وەكيلە لۆ خۆی بەلێ، لەبۆ جەمعی موئمنيش وەكيلە لەبۆ مەخلوقاتيتكەش وەكيلە، ئەمما لەبۆ من وەكيل نييە چونكی خۆی ئەو فيعلەی نەدا باری تعالی، (باری تعالی)ش بەو فيعلەی لەگەری تەعامول ناكا.

(يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ وَكَانَتِ الْجِبَالُ كَثِيباً مَّهِيلاً) (المزمل١٤)، ئا ئەوەيە (إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِداً عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولاً)(المزمل١٥)، ئا ئەوەيە (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قول ثقيلا)(المزمل٥)ئا ئەوە لێرە پێغەمبەر ( (صلى الله عليه وسلم) ) فيعلەن قەولەكی زۆر ثەقيلی هاتتە سەرێ،(إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِداً عَلَيْكُمْ) جارێ پێغەمبەر شاهيدە لێرە، پێغەمبەر لەو مەقطەعەی شاهيدە فەقەط، بەشير نييە نەذير نييە، موبەلليغ نييە، موبەيين نييە، لێرە فەقەط شاهيدە.

كەليمەی رەسول بيلا تەشبيهـ لە قورئان بە چ مەعنايەك وەكو ولله مثل الأعلی رەئيس جمهورەك رەئيس جمهورەك جارەك دەبتە موهەيب ركن، جارەك دەبتە قائيد عامی قوات موسەللەحە، جارەك دەبتە وەزير

دیفاع، جارەك دەبتە وەزیر خاریجییە، نەفسی رەئیس جمهورە كە لە ناو مەجلیس وزەرای دادەنرێ دەبتە رەئیس وزەراء، بە سیفەتی رەئیس وزەراء فەوقی هەموویانە، دەتانی ئەمر صادڕكا، ئەمما وەزیر صحە ناتانی ئەمر صادڕكا لۆ وەزیر خارجییەی، ئەمما ئەو لە ناو وزەرایان رەئیس وزەرایە، كە دەچتە ناو جەیش لەبۆ ناو وەزارەت دیفاع قائید عامی قوات موسەللەحەیە، ئەمری دەخوا لە سەر وەزیر دیفاع ئەگەر هەیبی، لە ئەثنای تەنفیذ ئحتیاج بە وەزیر دفاعی ناكا خۆی وەزیر دیفاعیشە.

بیلا تەشبیهـ بیلا تەشبیهـ پێغەمبەر ( (صلی الله علیه وسلم) ) مەفهومی ڕیسالەتی ئا ئەوەیە كو؟ بەعضە ذەوات هەیە لە مستەوای تەبشیرە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جیهازی پێیە كە تەمەشای شەخصەكەی دەكا ئەو ذاتە لە مستەوای تەبشیرە بە مستەوای تەبشیر قسەی لەگەر دەكا، ذەواتیتكە لە مستەوای تەنذیرن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جیهازی پێیە حەرەكە دەكا بە جیهازەكە كە تەماشای ئەو ذاتەی دەكا ئەوە لە مستەوای تەنذیرە نەذارەتی لەبۆ دەكا، بەعضەك لە مستەوای تەبلیغن پێغەمبەر ( (صلی الله علیه وسلم) ) تەماشا دەكا لە مستەوای تەبلیغە تەبلیغ دەكا.

لۆش هەریەكە دەبی وفقی حاجەی خۆی پێغەمبەرەكە دەبی لەبۆی بكا، ئەگەر ئەوها نەبی قیچەك برندتر قیچەك كەمتر خەلەل دروست دەكا لە موقابیل، نابتە حوججە نابتە وەصل لەبۆ ئەو ذاتەی واضحە، رەسول جیهازی پێیە موتەحەكیمە بە جیهازی موقابیلیش، ئەو ذاتە وەكو بیلا تەشبیهـ كابرای دختۆر ئەو ذاتە ئەو نەخۆشیەی هەیە، ئەو دەرمانەشی دەوێ، ئەوەندەشی دەوێ لۆ ئەوەندە زەمەنەشی دەوێ، كە ئەوەی دیت رەسولەكە ئا ئەوەندەی دەداتێ، لۆیە ڕیسالە لە قوڕئان بە عام هاتیە بەنیسبەت پێغەمبەری، نبووەت خاصصە، ڕیسالەكە لەبۆ جوموعی (ناس)ە، لەبۆ موقابیلە.

لۆیە ئەها لە حەدیثی بوخاری و موسلیم مەثەلەن لە ناو جەمعی صەحابە، صەحابە دانیشتینە یەك سوئالیان لە پێغەمبەری كردیە سێزدە جوابی موختەلیفی هەیە، جەمعەك لەخزمەت پێغەمبەری دانیشتینە دەپرسی صەحابەك (أي الأعمال أفضل)؟ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەماشای جیهازەكەی دەكا لە داخیلی ئەو كابرایە خەلەلی لە جیهاد هەیە، یەكسەر ئەمری پێ دەكا (الجهاد في سبيل الله)، لە نەفسی مەجلیس صەحابیەكی دی دەرێ یەكی دی یا رسول الله (أي الأعمال أفضل)؟ تەماشای جیهازی دەكا ئەوە خەلەلی لە (بر الوالدين)ی هەیە، دەفەرمی: (بر الوالدين)، نەفسی سوئالە یەكیتكە دەپرسی یا رسول الله (أي الأعمال أفضل)؟ تەماشا دەكا لە نوێژكردن خەلەلی هەیە ئەوە (الصلاة فی وقتها)، یەك سوئالە سێزدە جەوابی موختەلیفی هەیە، باشە كوی زانی؟ جیهازی پێیە.

ئەوجە بە عام ئا ئەوانە هەمووی جەمعكە، پێغەمبەر جارێ موبەللیغە لەبۆ مەجموعەك، جارەك موبەیینە لەبۆ مەجموعەك، جارەك شەهیدە لەبۆ عام موطڵەق، لەبۆ هەموویان جارەك نەذیرە، لەبۆ مەجموعەك جارەك بەشیرە، لەبۆ مەجموعەك ئا ئەوە سیفەتە ڕیسالەتە، هەریەك وفقی كەممی خۆی قسەی لەگەر دەكا، وفقی حاجەی خۆی دەیداتێ، زیاتری بداتێ وەری ناگری رەسولەكە موقابیلەكە، عەفوەن كە وەری نەگرت تووشی

موشکیله دەبی لەگەری پێغەمبەرەکە، داییێ ئەمما وەری نەگرت، لۆ وەری نەگرت؟ خەلەل لەوی نییە، خەلەلەکە لە دانی پێغەمبەرەکەیە، نابی پێغەمبەرەکەش ئەوها بی.

لۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) جیهازی پێ بوو دەیزانی فلان شەخص چەندی دەوێ، لۆیە فیت وفقی عەطائی و حاجەی موقابیل عەطائی دەکرد، ئەوە مەفهومی ڕیسالەتە، لۆیە لێرە دەفەرمی: ((إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ)(المزمل٥))، دەفەرمی: لە ئایەتی موتەبەقی (إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِداً عَلَيْكُمْ)(المزمل١٥).

شاهید یەعنی چ هەر چی مەخلوقاتە دەبی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە سەری شاهید بی ڕۆژی قیامەت، هەرچی مەخلوقات هەیە بە چ بە عەدالە و حەق، بە حەق بە عەدالەتی مەوقیف تەبەننی کا بەرامبەریان، لۆیە (لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ) (لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً)(البقرة١٤٣)، بەس ئەوە لە بۆ ئوممەی (محمد)ی هاتیە چونکی ئەمەش ئوممەی (محمد)ین هەتا قيام الساعة دەمینێ، مەثەلەن ئێستا جەمعی موئمنین لە هەر جێیەك مەوجود بوون مەسئولن لە هەموو کوڕەی ئەرز لە هەموو کوڕەی ئەرز مەسئولن جەمعی موئمینین لە هەرچی ئیجابیات و سلبیات هەیە ئا ئەوە مەفهومی شەهادەتە، (لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً)(البقرة١٤٣).

لۆیە دەفەرمی: (إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِداً عَلَيْكُمْ)(المزمل١٥).

ئەوە جارێ مەرحەلەی یەکەمە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە هەموو ناسەکان لە هەموو موقابیل شاهیدە فەقەط، ئەمما لۆی نەهاتیە ئەو ها بکە جارێ، (أَنذِرْ) (بَشِّرْ) (بَلِّغْ) (بَينْ) نە هاتیە جارێ، چونکی خۆی داخیلی دەورەی ڕیسالەت بووە، ئەمما نە گەیشتیتە مستەوای (بَينْ)، نە گەیشتیتە مستەوای (أَنذِرْ)، نە گەیشتیتە مستەوای (بَشِّرْ)، ئەمما داخیلی دەورەکەی بووە، ئا ئەو دەورەیە خۆی ثەقیلە لە سەری چونکی فیعلەن تەحەکوم کردنە بە مەصیری مەخلوقات.

ئا ئەوە صیغەی تەعامول کردنە لە بۆ ئەفعال و ئەسمائی خوای جلا جلالە، طەبعەن لە لوغەی عەرەبی یاخود لە لیسان مەفاهیم و شروحات لە مەوضوعی وەکیل و ئیلقاء و ئا ئەوانە زۆر هاتیە، ئەوەی بیەوێ فیعلەن دەتانی لە (معجم مقايس اللغة العربية) نازانم برایەك پرسی ئەوە جوابیتی (معجم مقايس اللغة العربية)، ئەوەی دەیەوێ فیعلەن بەحث بکا لەو مەوضوعەی بە عومق دادەچی، لیسان عەرەب گوتمان مەقایس و قاموس موحیط ئا ئەوانە هەمووی بە جوزئەکی زۆر لە کەلیمەکە بەحس دەکەن، ئوسلوبی دووەمیش برایەك پرسی وەسیلەی طەریقەی دەرهینانی ئەو کەلیماتانە لەقورئان کوە؟ ئسلوبی دووەم ئەوەیە دێتە سەر تەرتیبی نزولی قوڕئان کەلیمەی وەکیل وەردەگرین، پێشی و پاشی کەلیمەکەی لەناو چ سورەتەکی هاتیە هەندەسەی کەلیمەکەی لە ناو سوڕەتەکەی، موتابەعەی کەلیمەکەی دەکا بەتەرتیبی نزول هەتا دەگاتە هەموو کەلیماتی وەکیل، ئەوجە فیعلەن دەتانی وفقی وەکیلی خوای تەعامول لەگەر ذاتی رب العالمين بکا، ئا ئەوە موجەسسەمیەتی کەلیمەی وەکیلە.

بەڵێ، ئەوە جەنابت بووی، بەڵێ ئەو برایەمان سوئالەکی هەیە یاخود بالأحری نەصیحەتم دەکا، خودا ئەجری بنووسی یا (رب)ی خودا مۆفەقی بکا إن شاءالله، ئەویش ئەوەیە دەڵێ بەعضە برایەك لە خزمەتیان بوویمە لێرە، لە ئەوەی مە لە تەرحی مە لێرە بە غەرەت تێگەیشتینە، ئەمن کە گۆتیتم ئەمە موئمینین نیینە، ئێذەن ئەمە کافرین، ئا ئێذەن سەید ئەحمەد و مەلا بەشیر و ئەوانەش کافرن، والعیاذ بالله ئەوها نووسیتی دەڵێ لۆ چونکی ئەوانەش قیرائەیان نەکردیە، بەڵێ، عەفوەن برای من لەکنە من لەکن داخیلی من کە لە خزمەت ئەو قورئانەی بوومە بەینی کوفر و بەینی ئیمان مەراحیلی زۆر هەیە، لەکنە من ذات ئەو ذاتە ئەحەطی دەرەجە حەیوانە، عیلمەن (يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ)(محمد١٢)، قیچەك تەطەوڕ دەبی دەبتە ئینسان لە ئەنعامی دەردەچی دەبتە ئینسان، تەطەوڕ دەکا دەبتە جوزئەك لە ناسن تەطەوڕ دەکا دەبتە بەنی ئادەم، تەطەوڕ دەکا دەبتە بەشەر تەطەوڕ دەکا دەبتە موسلیم، تەطەوڕ دەکا دەبتە موئمین.

واضحە ئەوە یەکەم ئەوە نەظرەی منە لە بۆ هەمموو بەشەرییەت، وە ئەمن مارکس کە لەگەری دا بنیشم ئەوە نەظرەمە لەگەری، لە بەینی کوفر و ئیمان لەکنە من پێنج مەرتەبە هەیە قورئان ئەوها لە قورئان ئەوها گەیشتیمە، یەکەمین ذات کافر کە حەیوانە ئەوە پاشان دەبتە ئینسان، شێست و چار جار لە قورئان ذکر کرایە، پاشان دەبتە ناس نەفەرەک لە ناس دوو سەد و سی و قسور جار ذکر کرایە لە قورئان، پاشان دەبتە بەنی ئادەم، عەینی ذاتەکە تەطەوڕ دەبی سەبەبی تەطەوڕیش هەیە لە قورئان، ئەوجە دەبتە بەشەر کە ئەنبیائەکان هەمموویان لە مستەوای بەشەرن نەبووینە ئینسان، ئەوجە دەبتە موسلیم، ئەوجە دەبتە موئمین، لە مستەوای موئمینیش فەما فوق حەفتا و قسور دەرەجە هەیە لە ناو قورئان ئەوە یەك.

دووەمین ئەوەی ئەمە دەرێین موسڵمانە بەڵێ لەکنەمنیش موسڵمانە واضحە، عەمدەن کەلیمەی مارکسم لۆ ئیستعمال کردی هەتا لەگەر کابرای مارکسیش ئەوها تێینەگەم ناتام حوکمی کوفری لە سەر دانێم واضحە، فکیف مامۆستا مەلا بەشیر و سەید ئەحمەد قۆندەرەیان سەر سەرم، وە هەمموو موئمین هەمموو موسڵمانان قۆندەرەیان سەر سەرم وە خزمەت کاری قۆندەرەیانم واضحە، إن شاءالله دەبنە ئەوەل موئمینین إن شاءألله وە بەخێر و طاعەت و عیبادەت و ئیمانی وان خودا ڕەحم بەمنیش دەکا واضحە برای من.

ئەها ئەگەر هاتوو ئەو برایە بەغەڵەت تێگەیشتبی إن شاءألله لە خزمەتی دەبم لە مەکتەبەی یەك بی دوو بی چەند بن لە خزمەتیان دەبم، زیاتر ئا ئەو تەصنیفانەی کە لە بۆ ئینسان و بەشەر و ناس و ئەو ذاتە دانرایە کە ئەمە ناومان نایە ئینسان ئەوجە زیاتر لە خزمەتتان دەبم، وە (فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ)(التغابن٢) ئەوەی ئەمن تێگەیشتبم ئەوە ئەمری ئەوەی ئەمن تێگەیشتبم ئەوە ئەمری خوایە حوکمی خوایە لە ڕۆژی ئاخیرەت، موئمینین دەبنە دوو فیئە بەشەر ئەو ذەواتە ئەو نەوعە دەبتە دوو فیئە فیئەك هەمووی موئمینە فیئەك هەمووی کافرە، ئەوە لە سەر کوڕەی ئەرز نییە، بەس پێغەمبەر حەقی هەیە بڕێ ئەوە موئمینە ئەوە کافرە کەس حەقی نییە واضحە، برای من خودا إن شاءالله مەصدەقەی دوورمان بێخی نەبینە جەماعەتی تەکفیر و هیجرە، وە

ئەوانەی موقابیلیش هەموویان ئەبەو نەوعە تەقیمیان دەکەم ئەمن بەداخیلی خۆم ئەوهامە، ئەگەر إن شاءالله لەو مەوضوعە کێ خوا نەکا خەلەلی هەبی إن شاءالله طەرح بکا لە خزمەتی دەبین لەبۆ تەوضیح.
واقول وقولی هذا واستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين.
پرسیار.. مامۆستا لۆ ئەتو دەڵێی خودا سیفاتی نییە؟ بەلێ عەفوەن بەلێ مەخسەدی من ئەوەیە هەر شتەك لە قورئان ذکر نەکرابی دائیمەن ئەمن ذکری کەم لە قورئان بەحسی صیفەی خوای نەکردیە، کو دەفەرمی: (ان لله تسعە و تسعون اسما) (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى)(الاعراف١٨٠) نەی فەرمووە ولله صیفة الحسنی واضحە برای من، ئەمنیش خۆم ئەو حەققە نادەمە خۆم برێم مادام خودا بەحسیشی نەکردیە ذکریشی نەکردیە ئەمنیش ذکری کەم، ئەو حەددەم نیە ئەمن.
دووەم باری تعالی لە قورئان ما عەدای ئیسمی بەحسی فیعلیش دەکا، (فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ)(هود١٠٧) (يَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاءُ)(ابراهيم٢٧) ئەوە فیعلە،ئیذەن لله ئەسماء وئەفعال ئەوەی دەشرێ سفاتە سەرچاوم موعاریضی نیمە.
پرسیار.. بەرێ وەیە ئاخر رەحمەتی خوایان لێ بی کە تێ کەتینە لەو نوقتەیەدا تێکەتینە، کەلیمەی ئەگەر موراجەعەی کتابی (علم الکلام)ی رازی و ئەوانە بکەی، کە کو فیعلەن لە تەسمیەی یاخود لە تەعریفی صیفەت چیە؟ چ نیە؟ چەندی صیفەیە چەندی ئیسمە چەندی ئەوەیە کو تەعامولی لەگەر دەکرێ لەوەی تووشی ئیشکالات بووینە؟ وە دەرسی پێشتر گوتمان ئەو هەموو ئەفکار و ئەو هەموو ئیتیجاهاتە فیکری ئیسلامیانە کە تووشی تەشەذوذو پارچە پارچە بووینە موتەفەریقە بووینە، هەر لە مەوضوعی اسماءالله و أفعالە، یاخود صیفە کما یدعون دروست بووە، فە ئەوەی مەقصەدمە ئەمە ئەوەیە فیعلەن ئەمە خۆمان لەگەر خوای کو بین ئەوە مەطڵوبە لەمە، (وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا)(الاعراف١٨٠) ئەوجە وەکی خۆی گۆتیتیەمە دەبی بیناسین واضحە برای من.
پرسیار.. بە چ مەسحەفەک تەرتیبی سورەت نووسرایە؟ بەلێ قورئان خۆی بەلێ دەرسی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسمان کرد بەس موصحەفی عێراقی طەبعەی ئەوقافی ئەڵمانی، وە موصحەفی سعودی ئێستای ئی مەلیك فەهدی، ما تەبەققا هەموو مەصاحیفەکان تەرتیبی نزولی تێدایە، تەرتیبی سورەت بەلێ، نەخێر ئایەت عیلاقەمان پێیدا نییە بەحسی تەرتیبی سورەت دەکەین ئەمە دائیمەن.
پرسیار.. پرسیار دەکرێ لەسەبەبی نزولی ئایەت ئەوەی جەنابت دەفەرمی: ترتيب الآية لەبۆ سەبەبی نزولی ئایات ئەمە لەو مستەوایەی دەرچووینە، وەختی خۆی بەحسی ئەوەمان کردیە مەثەلەن وەختی خۆی هنری فۆرد هات سەیارەی دروست کرد، هنری فۆرد سەیارەی دروست کرد، هنری فۆرد ئیکتیشافی سەیارەیە، ئەها سەیارەی فۆرد ئێستا هەیە.
لە لەندەن خەلکە دەورەمەندەکان طەڵەبیان دەکرد لۆوانیش دروست کا سەیارە، بووە سی سەیارە لە موحافەظەی برێن عاصمەی بریطانیا لەندەن، کە سەیارە زۆر بوو دەعمی سەیارە و لێدانی سەیارە لەبۆ

عالەمێ زۆر بوو، خەرك عەوارضیان لەبۆ بەلەدییەی تەقدیم كرد، بەلەدیە هەستا موفاتەحەی مەخفەری كرد، شوڕطەكیان نارد لەبۆ ئەو جادە قەرەبارغانەی كە سەیارەكان پێدا دەچن، كابرای شوڕطە مەثەلەن كە سەیارە دەهات دەیگۆت بڕۆ دەیگۆت دەستیشم ئەوها بی عالەمینە عالەم ڕاوەستن ئەنگۆ، عالەم ڕاوەستن سەیارە ئەتوو بڕۆ، ئا ئەو دەستی ئەوها لێكردن(مەبەست ئیشارەتی مرورە) ئەوها لێكردن تەطەوڕ بوو بووە عیلمی مرور، شوڕطەكانی مە ئێستا خەریجی كولییات كە دەچنە بەغدایێ لەبۆ كوللیەی شوڕطە ئا ئەو عیلمە وەردەگرن دەبنە ضابط مرور.

ئەمما نایانبەنە لەندەن ضابطەكان نەفسی هێنری فورت و سەیارەكان بیننەوە عالەمەكان بێن دیسان دەسس و ئیسطیدام و ئەوانە دروست ببی ئەوجە قانونەكە دابندرێ، نەء، ئەوە سەبەبی دانانی قانونەكەیە ئەوە ڕۆیشت، سەبەبی جوغرافی و زەمەنی ڕۆیشت واضحە برای من؟ ئێستا كە حالەتی مەطڵەبی ئینسانی ئەو مەقصودە، مەطلەبی ئینسانیش وفقی تەرتیبی نزولی سوڕەتە.

لۆیە پاشان رسول الله محمد (صلی الله علیه وسلم) عن طەڕیقی وەحی بەصەحابەكانی گۆ ئەو جوملە ئایەتەی لە فلان سوڕەتی دانێن، ئیذەن تەركیزی داخیلی ئینسانەكەی لەبۆ نزول وفقی ئا ئەو سوڕەتە كامیلەیە، لۆیە كە ئەمە دەچینە خزمەت قوڕئان بە تەرتیبی نزول سورەتی نەك ئایەتی دەرێن سوڕەتی علق مەرحەلەی یەكەمە، سوڕەتی قلم مەرحەلەی دووەمە، نارێن سوڕەتی قلم (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ) (المزمل۲۰) لە مەدینەی هاتیتە خوارێ، ئەوە تەوزیعەك جوغرافیە عیلاقەمان بە عارد نییە، عیلاقەمان بەو ذاتە هەیە، وەكو تازە بەحسمان كرد لە ئینسان بیكەینە موئمین، دەری بینین لە مستەوای ناس و، بەشەر دەرێبینین بیكەینە موئمین.

تەرتیبی نزول كو لە بۆ پێغەمبەری هاتیتە خوارێ ئەوها ئیستیعابیان كرد و وەریانگرت، لە سەر مەش ئا ئاوە بە تەصەوڕی خۆم واجبە، واضحە برام.

پرسیار.. إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ مەعنای چییە؟ بەلێ (إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ) (القدر۱) الی سماء الدنیا هەموومان مەعلوماتمان هەیە ئەو قوڕئانە شەوی لیلة القدر هاتە خوارێ وەیە یان نا، ئەمما هەمووی هاتتە خوارێ؟ نەء ئەوەیە.

بەرێ پاشی ئەو هەموو مومارەسەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێغەمبەر بووە رەسول، زەمەن هەیە لە ناو سوڕەتی موززەممیل زەمەن هەیە ئەو زەمەنە هەتا ئیكتفا نەكا هەتا نیهایەتی ئەو حالەتە دروست نابی، ئێستا ئەمە نەذەرییەن بەحسی وەكیلمان كرد كو پیاو دەبتە متوكل علی الله؟ باشە بەو نەظەریاتەی ئەمن بووینە موتەوەكیل علی الله ها؟ نەء، دەبی بچمە ماڵێ ئەگەر ڕاست دەكەم ئەمن شەوو هەستم وەكی ئەبوبەكر وەكی عەممار وەكو موصعەب بكەم حەتتا حالەتەكە لە داخیلم دروست دەبی، ئیذەن ئا ئەو ئیشكردنە تەفعیلی نەظەریات لەبۆ واقیع زەمەنی دەوێ.

پرسیار.. فرق چییه بەینی ریسالەت و نبووەت؟ بەڵێ (إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ)(المزمل١٥) ئیرسال غەیری نبووەتە، تازە بەحسمان نەکرد؟ نبووەت عیلاقەی حقوقی پێغەمبەر لە سەر موقابیل، لە قورئان بەنسبەت پێغەمبەری ئەوەیە ڕیسالەت حەققی غەیرە لە سەر پێغەمبەر عەکسە، نمونە مەثەلەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ)(الانفال٦٤) ئەوە حەققی پێغەمبەرە لە سەر موقابیل، ئەمما (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ)(المائدة٤١) حەققی موقابیلە لە سەر پێغەمبەری، (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ)(المائدة٤١) زۆر ضەخمە رەسولی ئەو هەموو کەونەیە، (إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ)(البقرة١١٩) (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ)(الاسراء١٠٥) (أَرْسَلْنَا)، ئیرسال زۆر زەحمەتە نبووەت سەهلە، نەخێر موهیممەی ڕیسالەتە ئەدی ئیلقای نەکرد قورئانەکە ئیلقای کرد، هەر لە شەوی یەکەم لە غاری حیراء ئیلقای کرد.